# بەهۆی دروستبوی شەڕەتەقە لە نێوان دوو بنەماڵەدا لە چەمچەماڵ سێ کەس کوژران



بەهۆی دروستبوی شەڕەتەقە لە نێوان دوو بنەماڵەدا لە گوندی قاسم بەگزادەی سنوری چەمچەماڵ، سێ کەس کوژران و کەسێکی دیکەش برینداربو کە سەرجەمیان خزمی یەکترن و شەڕەکەش بە هۆی کێشەی زەوی وزارەوە دروستبوە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە قەزای چەمچەماڵ بە میدیاکانی راگەیاند، ئەمشەو لە گوندی قاسم بەگزادەی سنووری چەمچەماڵ شەڕەتەقە لە نێوان دوو بنەماڵەی گوندەکەی دروستبوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئەنجامدا سێ کەس کوژراون و کەسێکی دیکەش برینداربوە، کە سەرجەکیان خزمی یەکترن، لە ئێستادا تەرمی یەکێك لە کوژراوەکان گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ.

بەگوێرەی سەرچاوەکەی خەندان، شەڕەکە بە هۆی کێشەی زەویوزارەوە لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا ڕویداوە و هێزە ئەمنییەکان گەیشتونەتە شوێنی ڕوداوەکە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکە.